کورتەچیرۆک

# رەگ

فایق جەمیل

لە دەنگی بەئاگا هاتم گوێم لێ یە ئەڵێ :
ئەرێ بۆ هەڵناسی وا نیوە رۆیە ..تاکەی ئەخەوی..؟ ؟
ناچار بۆی هەڵسام شەکەت وماندوو باوەشکانم یەک بە دوای یەک ، خۆم دا سەر کورسیەکەی بە تەک دیوار ووتم :
-- ئافرەت گەر نیورۆ یا شەو پێم ناڵێی شەوو رۆژ لای من چ مانای ماوە ... !؟ خەوی چی..بروات بێ تا بەرە بەیان چاوم لێک نەناوە .
نەخشین بە سەیرەوە تێی ڕوانیم بە ورتەورتی لێوانی ووتی :
-- نازانم ئەبێ بۆ نەخەویت..پاپۆرت بن گووم بوە ..؟ .. پیاوەکە دەمێکە لە سەر خۆت نی ، لەم دونیایە ناژیت ... لە کوێی ..؟!
بایز کەوتە بێ دەنگی ئاسای جارانی ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو لە بەر خۆیەوە ئەیوت ..{ پاپۆر .. پاپۆری چی ؟ خۆم بن گووم بووم }
نەخشین دریژەی بە ووتەکانی دا :
-- بەراست لە هیچەوە پەشۆ کاوی .. خۆ گەر بلیێ مشت ومرو لاق ودەست بزافتنەکانی شەوانت بە تەواوی هەراسانیان کردووم.
-- ئەم قسانەی پێ ناوێ ، پیاڵە چایەکم بدرێ باشترە , هەندەم تێ مەڕوانە با پێت بلیێم من لەم
ولاتە دەروون وویژدانم بریندارن , رۆژانی رابوردووم بوونەتە سوژن و میخەک لە گیانم ئەچەقن .
-- سەیرە هەر تۆی لە دورە ولات..تەواومان کرد , سوژن و میخەک ...! هەزار بە هەزار پیاووژن و لاوی کورد لە سەرتاپای دونیا وا پەرت و بلاوون .
__ ئافرەت هەرکەس بەش بە حاڵی خۆی ... من چیم دایە لەخەڵک, وا پێت ئەڵێم نا رەحەتم ژیانم دژوارە خەوانم ئاڵۆزن ... دەزانی شەوێ رابوردو لەمن وایە {
کانیاوەکەی پشت ماڵمان ئەوەندە لێڵ بو بۆم نەدەخورایەوە , گاسنی جووتە گایەکەم چەقی بو جووتم بۆ نەدەکرا } چت بۆ بگێرمەوە.. ئەڵێی مشت ومڕ ...!

**نەخشین دای لە قاقای پێکەنین بە چوستی ووتی :**

**-- ئەرێ بایز بۆ سەر لە دختۆر نادەیت .. ؟**

**بە فیزەوە بێ وەی مەودای دات :**

**-- ئەزانم ئەڵێی چی .. خانم چارەی من لای دختۆر نییە . ئەمەی ووت و پیاڵە چایەکەی لە دەست خۆ کردەوە بێ وەی قومێ لێ بدات بە هێمنی روی کردەوە نەخشین :**

**-- خەوانم چۆن ئاڵۆز نابن ئەی گوێت لە کامەران نەبوو ئەڵێ –ئەم جارەش نامەکەی کردەوە– بە دەنگێ بە سۆزو پڕ گڕێ – دەستی کرد بە خوێندنەوەی :**

**-- {....... وردە بەردە مرواریە کانیاوەکەی قەد چیا لە جریوە جریوەی ئەستێرەکان دەکەن هاژە هاژی روباری بەر گوند رێرەوی ژیان دوپات دەکاتەوە پەرو پۆی دارودرەخت بەری ئاسمانی شینیان گرتووە کێشولەکان هێلانەکانیان نوێی کردۆتەوە لەقلەقی جاران بە سەرمان دەکەنەوە کۆرپەو نەوەی تازە لە کونج کورنەکانی ئاوایی بارە فرکەی دەکەن .... }.... هەندێ پشوی دابەخۆ و بەر لە خوێندنەوەی بەر دەوام بی .. {.... خانو بەرە سوتاوەکانی دەست جینایە تکاران بەرزو ئاوەدان ئاوازی مەڵ قاسپەقاسپی کەو گڕمە گڕمی تۆپ و تانک وفرۆکە بۆمبا هاوێژەکانی بەزاند .... }**

**نامەکەی بەلاوە ناو گوتیە نەخشین : گڵەییم لێ مەکەو مەتۆرێ ئەوەی راست بێ تا نامەکانی کامەران بەر دەوام بن مشت ومڕی شەوانم بەردەوامن .**

**ئوستراليا**